گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper25

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 2025/01/02
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2025/03/20
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

# کاریگەریی ڕەوتەکانی ئەدەبی نوێی تورکی لەسەر پیرەمێرد

**م. ی. ڤیان عباس اسماعیل[1] - پ. د. هیمداد حوسێن بکر[2]**

hemdad.esmail@su.edu.krd - Vian.esmail@su.edu.krd

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

پیرەمێرد بە یەکێک لە کەسایەتییە دیار و بەناوبانگەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی ئەدەب و ڕۆژنامەوانی و ڕیفۆرمخوازێکی کۆمەڵایەتی و ناسیۆنالیستی هزری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان دادەنرێت.کەسایەتییەکی خاوەن فرەبەهرە و پڕبەرهەم بوە. بۆیە لێکۆڵینەوە لە دنیای پیرەمێرد بە چەندین کتێب تەواو نابێت. ڕەنگە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییەکاندا بایەخی زیاتر بە ڕۆڵ و کاریگەری ئەو لە ڕۆژنامەوانی و تازەبونەوەی ئەدەبی کوردیدا درابێت، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشکمان خستۆتە سەر ئەو ڕەوتە ئەدەبییە تورکییانەی ئەو دەمەی پیرەمێرد کە لە تورکیادا ژیاوە و پەیوەندی لەگەڵ نوسەرانی تورك و کاریگەریی بەرهەمەکانی ئەوان لە دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی ئەدەبی ئەودا و گرنگی سودوەرگرتن لە ژانرە ئەدەبییە تازەکانی ڕۆژئاوا و گرنگی وەرگێڕان لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوەیی و زمانی دەق و دیدگای تازە بۆ ئەدەبی جیهانی. ئەم ڕەوتە ئەدەبییانە یارمەتیدەربون بۆ ئەوەی دوای گەڕانەوەی ئەویش هەنگاو بەرەو نوێخوازی بنێت و چ لە فۆرم و ڕوخسار و چ لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بیر لە گۆڕانکاری لە بنیاتی هەڵبەستی کوردیی بکاتەوە. هەر بۆیە کە باسی نوێخوازی دەکرێت، ڕاستەوخۆ پیرەمێرد بە یەکێك لە پێشەنگەکانی تازەبونەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی لە قەڵەم دەدرێت. لەو سەردەمەی پیرەمێرد لە تورکیا ژیاوە، سێ ڕەوتی ئەدەبی لەبرەودابون. ڕەوتی ئیسلامی-نەتەوەیی و ڕەوتی کلتور و زمانی نەتەوەیی و دواجار ڕەوتی نوێخوازی و ڕوکردنە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی و ڕەوتە نوێخوازییەکانی ئەوروپا، کە تارادەیەکی زۆر لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی ڕۆمانسییزمدا ئەدەبی نەتەوەیی تورکی پێ تازەکرایەوە.

**کلیلە وشەکان**: پیرەمێرد، ئەدەبی تورکی، نوێخوازی، ڕەوتە ئەدەبییەکان، نەتەوەسازی.

# The influence of Turkish literary schools on Piramerd

Vian abbas Esmai[1] - Hemdad Hussein Bakir[2]

## Abstract

Kurdish Department, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Piramerd is considered one of the prominent and distinguished figures of the first half of Kurdish literature, journalism, and as a social reformer and nationalist intellectual in Southern Kurdistan. He was a multi-talented and prolific personality. Therefore, studying Piramerd's world cannot be completed in just a few books. Perhaps in literary and journalistic studies, more attention has been paid to his role and influence in journalism and the renewal of Kurdish literature, but in this research, we have focused on the Turkish literary trends of Piramerd's time when he lived in Turkey, his relationships with Turkish writers, and the influence of their works in enriching his literary experience, as well as the importance of benefiting from new Western literary genres and the significance of translation in enriching national literature, text language, and new perspectives on world literature. These literary trends helped him take steps toward modernization after his return, both in form and appearance, and in terms of content, to think about changes in the structure of Kurdish poetry. Therefore, when discussing modernization, Piramerd is directly considered one of the pioneers of the renewal of Kurdish poetry and literature. During Piramerd's time in Turkey, there were three prevalent literary trends: the Islamic-nationalist trend, the national culture and language trend, and finally the modernist trend and turn toward Western literature and European modernist movements, which largely renewed Turkish national literature under the light of Romanticism.

**Keywords**: Piramerd, Turkish literature, modernization, literary trends, nation-building

## پێشەکی

لە نوسـینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردیدا، کە چاو بە قۆناغە جیاوازەکانیدا دەخشـێنین، زۆر کەسـایەتی کاریگەرو ناودار دەبینین نەوەکو هەر لە سـەردەمەکەی خۆیدا لە دوای خۆیشی. کاریگەری بەجێهێشـتوە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانیدا دەکرێ و خوێندنەوەی تازەی بۆدەکرێ و پەی بەقوڵی بەرهەمەکانی دەبرێت، بە تایبەت ئەوانەی لە سـەردەمی خۆیان یاخیدەبن ڕو لە نوێخوازی دەکەن و هەڵگری پەیام و ڕۆشـنگەریی و ڕیفۆرمخوازین. پیرەمێرد یەکێکە لەو کەسـانەی تازەبونەوەی سەردەمی ڕۆشنگەریی کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەو سەردەمەی گۆڕانکاریی گەورەی هزریی و سیاسی و ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرپابو.

**ئەم توێژینەوە بەناونیشانی:** (کاریگەریی ڕەوتەکانی ئەدەبی نوێی تورکی لەسەر پیرەمێرد)یە. هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سـەر هەڵوێسـتی پیرەمێردی شـاعیر و چیرۆکنوس و ڕۆژنامەوان و وەرگێڕ بەرامبەر بە سـیاسـەتی ئینگلیز لەو دەمەی لە سـلێمانی و عێراقدا بون و خۆدورخسـتنەوەی لەوان و ڕوکردنە خزمەتی زمان و ڕۆشـنیریی و کلتوری میللەتەکەی و

ســودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی تورکیای عوســمانی، کە خۆی لە نزیکەوە ئەو ئەزمونەی دیبو و دەوڵەمەندکردنی بە کلتوری خۆمانەوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** نوێگەرییەکانی ئەدەبی کورد ی و تورکییە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی ســەدەی بیســتەمدا لەو دەمەی چارەنوسی کوردســتان و ناوچەکەدا بە قۆناغی ململانێیەکی ســیاسی ئاڵۆزدا تێدەپەڕی و سەردەمی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی (ڕەخنەی تەواوکاری)یە، بە پشتبەستن بە هەندێ دۆکیۆمێنت و سەرچاوەی مێژویی بۆ دیاریکردنی خاڵی هاوبەش و بەراوردکاری کاریگەری ڕەوتە ئەدەبییە دیارەکانی ئەوکاتەی تورکی لە کۆتایی هەڵوەشانەوەی دەوڵی عوسمانی و تورکیای نوێ و کاریگەرییان بەسەر پیرەمێردەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لە ژیانی و پێشـــەکی و دو بەش و ئەنجام و ســـەرچاوەکان پێکهاتوە، لە بەشی یەکەمدا ژیانی ڕۆشـنبیریی **و** سـەرچاوەکانی ڕۆشـنبیریی پیرەمێرد و بەهرەجیاوازەکانی پیرەمێردمان وەرگرتوە، لە بەشی دوەمدا پرژاوینەتە سـەر یەکە بە یەکە ئەو ڕەوتە ئەدەبییە باوانەی ئەو سـەردەمەی تورکیمان وەرگرتوەوکەسـە دیارەکانمان هێناوەتەوە و پیوەندی و هاوبەشیی و کاریگەری بەرهەمی ئەو پێشەنگانەمان بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر هزر و بەرهەمەکانی پیرەمێرد دا دیاریکردوە، بۆ پشت ئەستوری بۆچونەکانمان بە پێی پێویست نمونەی ئەو دەقانەمان وەرگرتوە.

## بەشی یەکەم: سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی پیرەمێرد

### 1-1 ژیان و هەڵوێست و سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی پیرەمێرد:

تۆفیق کوڕی مەحمود ئاغا کوڕی هەمزە ئاغای مەسرەفە ناسراو بە(پیرەمێرد) (1867- 1950ز) لە ســـلێمانی لە دایکبوە، وەکو زۆربەی منداڵانی ئەو ڕۆژگارە براوەتە بەر خوێندنی حوجرە و حەســـەن ئەفەندی مامی هاندەری بوە، حەزی فێربون بۆ زانستە ئیسلامییەکان و خوێندەواری چەندین مزگەوت لە شارەکانی کوردستان گەڕاوە.لە سلێمانی لە 1882ز بەهۆی زیرەکی و خەت خۆشـییەوە کراوە بە کاتب لە2نفوسی سـلێمانی و دواتر لە شـارباژێر و ماوەیەکیش لە کەربەلا کاری میری کردوە.

لە ســاڵی 1898 دا هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوتوە لەگەڵ شـێخ ســەعیدی حەفید (باوکی شـێخ مەحمودی حەفید) بچێتە حەج و دواتر لە ئەستەمبوڵ بمێنێتەوە و خوێندنی باڵای لە کۆلێژی ماف تەواوکردوە و چەندین پۆسـتی حکومی بینیوە، دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسـمانی گەڕاوەتەوە سـلێمانی و خۆی بۆ کاری خوێندەواری و ئەدەبیات و ڕۆژنامەوانی خەریك کردوە، لە ڕۆژنامەکانی (ژیان) و (ژین)ی بڵاوکردۆتەوە و چاپخانەکەی، کە پێیاندەگوت قەلەندەرخانە بە زەحمەت و دەردەسـەری و بە ململانێی نەیارانی کورد بەڕێوە بردوە، لە سـاڵی 1950دا لە سـلێمانی کۆچی دوایی کردوە. ڕەفیق حیلمی لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا بە ئوستادی شیعر و ئەدەبیات ناوی بردوە.(حیلمی،2010، 77).

پیرەمێرد وەکو کەسـایەتییەك هەمیشـە حەزی لە گۆڕانکاری و نوێخوازی بو، خوێندەوار و زانسـتپەروەر بوە، وەکو کەسێکی یاسایی، کە دەرچوی یاسابوە پێیوابو کورد لە ڕێگەی یاسا و دادپەروەری و هۆش و هزرێکی کراوە و زانستییەوە دەتوانێ بێتە کۆڕی مەیدان و ڕوە و ڕوناکی و ڕزگاریخوازی و مەدەنییەت و یەکسـانی هەنگاو هەڵێنێت. یەکێك بوە لەو گەنجە کوردانەی لەپاڵ چەندین گەنجی تری سەرەتای سەدەی بیستەم بونەتە مەشخەڵێك بۆ ڕوناك کردنەوەی بیر و

ناسنامەی نەتەوەیی بۆ نەوەی دوای خۆیان و بە هزرێکی تازەوە و بە کاریگەریی ڕۆژنامە و چاپخانە و قوتابخانەی فەرمی شۆڕشێکی یان ڕێنیسانسێکی کلتورییان دەستپێکرد بۆ بەرگریکردن لە مافی ژنان بۆ خوێندەواری، کە پێشتر لە ئەستەمبوڵ لە کۆمەڵەی ژنانی پێشکەوتو دامەزرابو.

پیرەمێرد تەمەنێکی زۆری لە تورکیا بەســەر بردبو، بێگومان بۆ ئەو کاتە مەڵبەندی زانســت و خوێندەواری بو، بۆیە بینیی دەزگاکانی یاســایی و هاووڵاتیبون بەرقەرار بو، هەر لەوێ لەگەڵ چەندین ڕێکخراودا کاری ڕوناکبیریی کردوە، بە تایبەتی لەگەڵ کۆمەڵەی یەکێتی و پێشــکەوتن (ئیتیحاد و تەرەقی) و چەند کۆمەڵەیەکی دی، ئەمە ســەرباری ئەوەی خۆیشیـ چەند ڕۆژنامەو گۆڤاری بڵاوکردۆتەوە و وتاری بۆ گۆڤارەکانی دی نوســیوە، بە پێچەوانەی ئەوە پیرەمێرد، کە گەڕاوەتەوە خەڵکێکی هەژار و نەخوێندەوار لە سلێمانی بێئاگا لەو پێشکەوتنانە، بۆیە بەو تەمەنەوە بە ئەرکی خۆی زانیوە خزمەتی میللەتەکەی خۆی بکات. (کۆمەڵەی زانستی- 1926) بۆ خوێندەواریی دامەزرێنێ و ڕۆڵی سەرەکی تێدا بگێڕێ، ئەو کۆمەڵەیە ڕۆڵێکی باشی لە بڵاوبونەوەی خوێندەواری و پێشــکەشــکردنی شــانۆگەری و چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدا گێڕاوە، بە بۆنەی کردنەوەی(کۆمەڵی زانستی) پیرەمێرد بە شیعرێك هەستی خۆی دەردەبڕێ:

ئەمشەو گوڵی ئومێدی وەتەنمان ئەپشکوێ

میللەت ئومێدەوارە بە زانستی پێشکەوێ

زانستییە سەوییەی میللەت بڵند ئەکا

زانستییە، کە ئێمە بناسێت بە ئەوروپا

زانستی زۆر بە قیمەتە، ئومێدی ئاتییە

ئەم ئیحتیفاڵە فەئلە ڕو لە هاتییە

تۆفیقی هەق، ببێتە ڕەفیقمان لەم ئیشەدا

وا دەست لە دەست هەڵبەتە، خوا قوەتیش ئەدا (ئاشنا، 2009، 119)

تەنانەت لە نوسینەوەی مێژوی شانۆگەریی کوردیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ (شانۆیی عیلم و جەهل لە سالی 1926دا یەکەمین شانۆگەری بوە لە شاری سلێمانیدا پێشکەشکراوە.)(تەنیا،51،1985).

لەگەڵ ئەوەی ئینگلیزەکان دەیانزانی ئەو بڕوانامەی بەرزی هەیە و لە تورکیا گەڕاوەتەوە ئەگەر ئەو سازشی بۆ بکردنایە بێگومان پلەی بەرزی کارگێڕییان پێدەدا، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە هیچ ئامادەییەکی بۆ هاوکاری ئینگلیز نەبو. بە بۆچونی من پیرەمێرد وەکو ناڕەزایەتییەك و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و بە داگیرکەری ناویبردون، لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە ئەو پێش ئەوەی بڕوا بۆ تورکیا و دواتریش پەروەردەی ڕۆشـنبیریی ئاینی عوسمانی بو، بۆیە لەگەڵ ئینگلیزدا ناکۆك بو.

پیرەمێرد پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەدیب و نوســەرانی ســەردەمی خۆی بوە، چ لە ژیانی لە تورکیا و چ لەدوای گەڕانەوەی بۆ سـلێمانی، لە سـەردەمی تورکیا لەمیانەی ڕەوتە ئەدەبییەکاندا باسی دەکەین، لە ناوەوەی وڵاتدا بەتایبەتی لەگەڵ محەمەدەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حیلمی و حوزنی موکریـانی و زێوەر و فـایەق بێکەس و

عەلائەدین سـەجادی و حوسـێن نازم بەگ و....هتد. لەگەڵ گەنجەکانیشـدا هەمیشـە هاندەریان بوە بۆ بڵاوکردنەوەو ڕێکخســـتنەوەی بەرهەمەکانیان، (لەوانە: (عەبدوڵا گۆران) یەکەمین بەرهەمی لە ڕۆژنامەی(ژین)دا بۆ بڵاوکردۆتەوەو هەر ئەویش نازناوی (گۆران)ی بۆ هەڵبژاردوە.)(ئاشنا،2002، 19).

پیرەمێرد شـــارەزایی لە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبیدا هەبو و بەرهەمی ئەدەبی لەو زمانانەوە بۆ ســـەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە لە دیوانەکەیدا نمونەی ئەو وەرگێڕانانە بەدیدەکرێت.( ئاشـــنا،2002، 21،315).یان وەکو خۆی ئاماژە بەوە کردوە وتاری بە زمانی فارسی بۆ ڕۆژنامەوگۆڤارەکانی ئێران ناردوەو دەڵێت: (گەلێ خزمەتی غەزەتەی شمس-م ئەکرد کە سەید حسینی ئێرانی خاوەندی بو.)(ئەبوبەکر،2007 ،226).

### 1-2 فرەبەهرەیی و ژانرە جیاوازەکان

ســـەردەمی گەڕانەوەی پیرەمێرد ســـەرەتای قۆناغی نوێخوازی ئەدەبیاتی کوردی بو، ئەو تازەبونەوەیە پێشـــتر لە ئەســتەمبوڵ لەلای شــاعیری نوێخواز(عەبدوڵرەحیم ڕەحمی هەکاری) دەســتی پێکردبو، بە تایبەتی لە بنیاتی شــیعری کوردیدا تەفعیلەکانی شیعری عەروزی تێکشـاندبو. لە هەندێك لە شیعرەکانیدا لە سنوری ئەو قاڵبانە نەماوەتەوە، کە بەر لەو شـاعیرانی تر بەکاریان هێناوە. شـاعیر سـەرچاوەکەی لە شـیعری زارەکی یان فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگرتوە. بە دوری نازانم پیرەمێرد کەسێکی هوشیار و ڕۆژنامەوان ئاگای لە گۆڤارەکانی (کوردستان-1918) و (ژین-1919) نەبوبێت و ئاگاداری شـیعرەکانی هەکاری و مسـتەفا شـەوقی قازی زادە و ڕەوتی شـیعری نوێخوایی تورکەکان نەبوبێت، باشـترین بەڵگە بۆ ئاگاداری پیرەمێرد ئەوەیە، کە شـــیعری شـــاعیرە نوێخوازەکانی وەکو موعەلیم ناجی Muallim Naci (1850-1893ز)و عەبـدولحەق حـامیـد (Abdülhak Hâmid ) و... لە تورکییەوە بە شـــیعر وەرگێڕاوە بۆ ســـەر زمـانی کوردی.(ئاشنا،2009، ب393،2-395).

پیرەمێرد، کە لە تورکیا گەڕایەوە ئـاوڕەحمـان بەگی نفوس و شـــێخ نوری شـــێخ ســـاڵح بەرهەمی تـازەی خۆیـان بڵاودەکردەوە و هەوڵیان دەدا بە لاسایی شیعری شاعیرانی وەك تۆفیق فیکرەت و جەلال ساهیر و خالید عوشاقیزادە و... ئەوانی دی شــیعری نوێ و ڕۆمانســیانە و بە جوت ســەروا و فۆرمی تازە بنوســن، لەم ڕوەوە وتە بەناوبانگەکەی (گۆران) دێنینەوە، کە لە پێشـــەکی کۆمەڵە هۆنراوەی (بەهەشـــت و یادگار)دا ئاماژە بەوە دەکات شـــیعرەکانی ناو ئەم دیوانە هەندێکیان تازەن و لەســـەر هەمان شـــێوازی (شـیخ نوری)ین و دەڵێت: (ئەو جۆرە ئوسـلوبەیان تیا کراوە بە سـەرمەشـق کە (م.نوری)و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی ئەدەبی تورکی عوسـمانیان وەرگرت،لە سـەردەمێکی سـنوردارا (1920-1930) شیعری کوردیی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردەوە)( مەلا کەریم،1980،3).

پیرەمێرد لەو سـەروبەندەدا گەڕاوەتەوە، بۆیە لەلایەکەوە پیش گەڕانەوە سـودی لە ئەزمونی تورکیا وەرگرتبو لە لایەکی دیکەشـەوە ڕەوتی شـیعری نوێی کوردی لە سـلێمانی دەسـتی پێکردبو، سروشـتی ئەدەبی نوێی تورکی و کوردی بە تەنیا لە چوارچێوەی ژانری شـــیعردا نەمایەوە. فۆرمی تازەو ژانری تازەی بۆ دەربڕین لەخۆگرت. ژانرەکانی چیرۆك و ڕۆمان و نامەی ئەدەبی و چیرۆکەشیعر و وەرگێڕانی ئەدەبی ... لێکەوتەوە، بۆیە پیرەمێردیش وەکو کەسێکی بەهرەوەر و پڕ بەرهەم تواناکانی خۆی لە هەمو ئەو بوارانەدا تاقیکردەوە. لە شـــیعردا لە ڕوی ناوەرۆکەوە هەمو مەبەســـتەکانی شـــعری لەخۆگرتوە، وەکو شیعری نیشتمانی وکۆمەڵایەتی و فەلسەفی و دڵداری و وەسفی سروشت و لاوانەوە و بۆنەکان و....لە ڕوی ڕوخساریشـەوە، پیرەمێرد بە زمانێکی شیعریی سادە و ئەدەبی و لە ڕوی وێنەی هونەرییەوە نوێ، کە گوزارشـت لە

مێژوی کۆنی کورد و ئێش و ئازاری ڕۆژانەی خەڵکی بکات، لە ڕوی کێش و سەرواوە کێشی برگەیی(هیجایی) بەکارهێناوە، ڕەنگە هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم جۆرە کێشـە ئاشـنایی پیرەمێرد بوبێت بە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی هەورامان و شاعیرانی وەکو مەولەوی و بیسارانی و .... ئەوانی دی، لە ڕوی سەرواوە شیعری ستونی و جوت سەروای بە شێوەیەکی گشـتی بەکارهێناوە، ڕیتم و مۆسـیقای شـیعرەکانی هەندێك جار خێرا و ڕەوان و لیریکییە، کەواتە بەشـێکی ئەو نوێخوازییەی شـیعری نوێ بە هۆی ئیسـتاتیکای شـیعری پیرەمێردەوە کاریگەری بوە لایەنگرانی دوای خۆی بۆ ئەم شـێوازە پەیدا ببێت، سـەرباری ئەمانەش شـیعری بۆ منداڵ و بۆ هاندانی خوێندکاران بۆ چونە قوتابخانە بە تایبەتی بۆ کچان لەو سەردەمەدا، فۆرمی چیرۆکە شیعرییەکانی بۆ ئەو سەردەمە ژانرێکی تازە بو، بە ڕستەی کورت و مۆسیقایەکی هونەری چیرۆك یان داستانێك دەخاتەڕو:

**کیژۆڵەی خوێندەوار**

کچێك بو، ناوی جەمیله

جوان و ناسك و نەشمیله

عومری یا نۆ، یا دەساڵ بو

زۆر زیرەك و بەکەماڵ بو

لە کاری ناو ماڵ زانا بو

هەتاکو بڵێی وریا بو

ڕۆژێ لە ماڵ هاتەدەرێ

نەختێ بە تەنیا بگەڕێ (ئاشنا،2001 ، 16)

**بەشی دوەم: پیرەمێرد و ڕەوتەکانی ئەدەبی نوێی تورکی:**

بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی پیرەمێرد وەکو کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا پێویسـتیمان بەوە دەبێ کە بگەڕێینەوە سـەر بەرهەمەکان و ناوەرۆکی ئەو بەرهەمانەی، کە پیرەمێرد بڵاویکردونەتەوە، لە دوای گەڕانەوەی لە تورکیا، کە بێگومان پێشـتریش لەوێوە لە سـەرچاوەیەکی ڕۆشـنبیری ئیسـلامییەوە وەریگرتبو. بزوتنەوەی ڕۆشـنبیریی نوێخوازی تورکی لە کۆتایی سـەدەی نۆزدە هەمو سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا و بە تایبەتیش دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسـمانی بە دەسـتی هاوپەیمانەکانەوە جۆرێک یا بە شـێوازێک کاریگەری بە سـەر پیرەمێردەوە هەبوە دیارترین ئەو بزوتنەوە ڕۆشنبیریانەی ئەو سەردەمە بریتیبون لە:

2-1 ڕەوتی ئیسلامی- نەتەوەیی

کۆتایی سـەدەی نۆزدەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم و بە تایبەتی دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسـمانی باری ئەدەبییش گۆڕانکاری بەخۆوە بینی، ڕاستییەکی سادە هەیە،ئەویش ئەوەیە گۆڕانکارییە سیاسییەکان وا دەکات دیدگای نوسەر و ڕۆشـنبیرانیش لە ئاسـت خواسـتی سـەردەمەکە بگۆڕێت، بە تایبەتییش دەوڵەتی عوسـمانی خۆی بە درێژەپێدەری

خەلافەتی ئیسلامی دەزانی، بۆیە جۆرێك لە نائومێدی لەلای شاعیر و نوسەرانی پێشوی لێکەوتەوە. لەلایەکی تریشەوە دامەراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا هەر لە سەرەتاوە ڕوە و عەلمانییەت و بە ڕۆژئاوا بون هەنگاوی دەناو هەوڵەکانی کەمال مستەفا(ئەتاتورك) بۆ دورکەوتنەوە لە بنەماکانی ئیسلامی نیگەرانیی بۆ نوسەرانی نەریتخواز دروستکردبو. یەکێ لەو شاعیرو نوسەرانە محەمەد عاکف ئەرسۆی Mehmet Âkif Ersoy (1873- 1936ز)بو. ئەم شاعیرە سەرچاوەی ڕۆشنبیرییەکەی ئیسلامی و پەروەردەی حوجرە بو. لە سەرەتادا لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی-یەکێتی و پێشکەوتن)دا بو دوایی هەڵگەڕایەوە، زانینی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی یارمەتیدەری بو بۆ ئاشنابون بە بەرهەمەکانی سەعدی شیرازی و تەنانەت وەرگێڕانی بەشی زۆری بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی تورکی، وەکو نارەزایەتییەك بەرامبەر بە سیاسەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ ماوەیەك لە میسر و لوبناندا ماوەتەوە و پێوەندی لەگەڵ نوسەرانی وەکو ئیبراهیم عەزام و .... پەیدا کردوە.

ناوەڕۆکی بەرهەمە شیعرییەکانی ئەو شاعیرە جەخت لەسەر یەکڕیزی ئیسلامی دەکاتەوە و بۆ ئەوەی دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی تاکە ڕێگە بۆ ئەم یەکڕیزییە ئاینی ئیسلامی بوە، بە تایبەتییش لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بۆ ڕوبەروبونەوەی غەیرەدین و تەنانەت سیاسەتی ناوخۆییش بە خەباتی چەکداری و ئەدەبیاتی بەرەنگاری دەبێت، (حەوت کۆمەڵەی شیعری لە ئەدەبیاتی ئیسلامی بڵاوکردۆتەوە، بێجگە لەوەی (مانای قورئان) بە زمانی تورکی لێکداوەتەوە) (یعقوب و کانجی،210،2021-235)، دیارترین شیعری ئەو مارشی نیشتمانیی تورکیای ئەوڕۆیە، بە ناونیشانی (İstiklâl Marşı )مارشی سەربەخۆیی، بە ڕۆحییەتێکی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی و بەرەنگاری) نوسراوە کە بەو شێوازە دەست پێدەکات:

مەترسە،ئاڵاکان بە ئاسمانەوە دەشەکێنەوە

مەشخەڵێکی سورن ناکوژێنەوە

ئەستێرەی گەلن بە بەرزی دەمێننەوە

هی خۆمانە میللەتمانە، نابڕینەوە

Sönmeden yurdumun üstünde tüten en son ocak.

O benim milletimin yıldızıdır, parlayacak;

O benimdir, o benim milletimindir ancak.

Çatma, kurban olayım çehreni ey nazlı hilâl!

پیرەمێرد وەکو شاعیرانی دیکەی سەدەکانی ڕابردو پەروەردەی ڕۆشنبیریی حوجرە بوە و لە بنەماڵەیەکی ئاینی لەدایکبوە، هەروەکو لە یادداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات بە خوێندەوارێکی نیوە ناچڵەوە سلێمانی بەجێهێشتوە و بە یاوەری شێخ سەعیدی حەفید ڕوی لە ئەستەمبوڵ کردوە، جیهانبینیی پیرەمێرد لە تورکیای عوسمانلی گەورە بوە و بە کاری وەزیفییەوە شارەکان گەڕاوە و لەگەڵ پیاوی خانەدان و کوردپەروەری وەکو شێخ عەبدولقادری شەمزینی پێوەندی بوە و هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە پیوەندی بە ئیتیحاد و تەرەقییەوە کردوە و تێکەڵ بە ژیانی ڕۆشنبیریی و

ڕۆژنامەوانیی بوە، ئەو ڕۆشنبیرییە ئیسلامییە باوەی ئەو دەمەی عوسمانی دواتر لە هەڵوێست و بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە پیرەمێرد شیعری بۆ مەولودی پێغەمبەر نوسیوە:

ئەمڕۆ مەولودی پێغەمبەرمانە

ئەو پێغەمبەرەی کە ڕەهبەرمانە

خوا فەرموی ئەگەر تۆم شك نەئەبرد

چەرخی ئەفلاکم دروست نە ئەکرد (ئاشنا،2001، 62-63).

لە دیوانی پیرەمێرد دا چەندین نمونەی شیعری ئاینی: (دڵێکم ئەوێ، 55)،(ناڵەی پیری پیران، 57-58)"(پەروەردگارا تەماشا ئەکەم، 56)،(خودای بێ نیاز)، 58، (بۆ میعراج، 59) و( جەژنی مەولود، 62)،(خۆشەویستی خوا، 67)،خوا ئێمەی، 68)،(شێخ و سۆفی، 72)،(خوا کاتێ ویستی، 73.......هتد.)(ئاشنا،2001، 55-93).

تەنانەت لە وەسیەتنامەکەشیدا باسی ئەوە دەکات بەرگری لە هەق بکەن و ڕەوشتی بەرز و ماڵی خەڵك بە ناهەق مەخۆن و دادپەروەربن، بۆنمونە دەڵێت: (ئامۆژگاریم ئەوەیە بە شوێن مادده مەکەون، دیا زۆر بە گران مەگرن، تا ئەتوانن خزمەتی ڕاست و بێ موقابیلی قەوم و زمان و وڵاتەکەتان بکەن و دەستی داماوان بگرن و لە دین لامەدەن خواو پێغەمبەری خۆتان بناسن و ڕەوشتتان پاك و خاوێن بێ)(هاوار،2007،24).

ڕۆژنامەی (ژین) بە ناونیشانی (نەورۆز و مەولود)نوسیویە: (ڕۆژی جومعەی دوایی کە 30 ی مارت و 16ی مانگی دوای مەولودە، داماننا بە ڕۆژی سەیران و پێشەکی قەول و بڕی هەزار و پێنجسەد نانمان لەگەڵ نانەواکان کردوەو هەر نانێ پێنج پاپراخیشی. لە ناوایەو دوازدە سەماوەریش بەپێی دوازدە مانگەی ساڵ ساز ئەکرێ، چایی بەسەر یاپراخیشی، چونکە ئیستیمدادی خۆشیی لەگەڵ ساڵی تازەمان لە گیانی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەمان کردوە، هەر لەو شوێنە مەولود ئەخوێنینەوە، گوێزەبانەی وەك ساڵانیشی لەگەڵە).(ساڵح،2013، 62-63).

لە ڕوی هەستی نەتەوەییشەوە"کوڕە گەنجێکی کوردی دیاربەکرێ، کە بە باوکی ڕۆحیی نەتەوەپەرستیی تورك ناسراوە، ئەویش زیا گۆك ئەلپ Gökalp Ziya (1875-1924). لەو سەردەمەدا ئەو دیدە لەناو تەرەقییەکانەوە بڵاوبۆتەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لە پایەی پیرەمێرد کەم بکەینەوە، نەخێر پیرەمێرد تا دوا هەناسەیشی. نەتەوەکەی خۆی خۆشویستوە، کار و کردەوە و هەڵوێستەکانیشی نیشانەی ئەوەن، دیوانەکەی بەڵگەی زیندوە بۆ ئەم ڕاستییە.

## 2-2 ڕەوتی کلتور و زمانی نەتەوەیی

یەکێکی دی لەو ڕەوتە ئەدەبییە باوانەی ئەوکاتە ڕەوتێکە، کە چەند ئەدیب و نوسەرێك بە سود وەرگرتن لەڕەوتی ڕۆمانسیزمی ئەوروپی و (بە تایبەتی ڕەوتی ڕۆمانسیزمی ئینگلیزی و بڵاوبونەوەی شیعرەکانی وۆردزوۆردس William Wordsworth (1770-1850ز) و کۆلردیج Samuel Coleridge taylor (1772-1834ز) و کیتس John Keats (1921-2000ز)و شیللی Percy Bysshe Shelley (1792-1822ز) و بۆچونە ڕەخنەییەکانی کۆلریدج و پێشەکییەکەی وۆردز وۆرز و ڕەوتی هەست و سۆزی شاعیرە ئەڵمانەکانی وەکو گۆتە و شیللەر و....)(حوسێن، 2010، 87). هەمو ئەمانە وردەوردە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانی تورکی کاریگەری بەسەر باری ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتیدا بو.

ئەم ڕەوتە، ڕەوتی ڕۆمانسیزم، گەڕانەوە بو بۆ سروشت و زمان و کلتوری نەتەوەیی و بە تایبەتییش ئەم ڕەوتە لە ئەڵمانیا بە تەواوی سروشتێکی هزری نەتەوەیی هەبو.

سەرباری گەشەکردنی بیری نەتەوەسازی، لەناو ئەو فاکتەرانەشدا گەڕانەوە بۆ زمانی سادەی خەڵك و چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ و پاکردنەوەی زمانی تورکی لە وشەی بێگانە و شانازیکردن بە کەلەپوری کۆن و بۆنە نەتەوەییەکان هەستێکی ناسیونالیستی گەورەی لای شاعیران و ڕوناکبیرانی ئەو دەمە پەیدا کردبو. پێشەنگی ئەو نوسەرانە (عومەر سەیفەدین حەتیقۆ Ömer Seyfettin (1884-1920ز )یە. ئەم کەسایەتییە پیاوێکی سەربازی و مامۆستا و چیرۆکنوس و ڕۆماننوس بوە. تەنانەت بەپێی بۆچونی زۆربەی توێژەران بە پێشەنگی کورتە چیرۆکی تورکی لە قەڵەمی دەدەن، ناوەرۆکی چیرۆکەکانی بە زمانێکی سادە گوزارشتی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دەکرد و بە شێوەیەکی واقیعی زوڵم و چەوسانەوە و دابونەرێتە دواکەتوەکانی کۆمەڵایەتی و مافی ژن دەکرد، لە ڕوی تەکنیکی هونەرییەوە سودی لە تەکنیکە هونەرییەکانی کورتەچیرۆکی ڕۆژاوایی بە شێوەیەکی سەرەتایی وەرگرتوە، (لەساڵی (1908)ەوە دەستی بە نوسینی کورتەچیرۆك کردوە و پێشتر شیعری تاقیکردبۆوە. سەرەتا بە زمانی فەرەنسی هەندێ چیرۆکی نوسیوە و بڵاویکردۆتەوە. حەزی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی بە زمانی سادەی خەڵك لە ئەزمیر و سالۆنیك دەست پێکردوە.(Alangu, 1968 )، بۆیە کورتەچیرۆکەکانیشی ـ لەسەر بنەمای زمانی سادەی ڕۆژنامەوانیی بوە. چەند چیرۆکێکی ئەو چیرۆکنوسە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.)(تاقانە،2011،).

گرنگیدانی ئەو بە چیرۆك و داستانە میللییەکان بۆ ناوەرۆکی چیرۆك و ڕۆمانەکانی لەبەر ڕۆشنایی بیری ناسیۆنالیستی تورکی (زیا گۆکئەلپ) بوە، کە پێیوابوە بنەمایەکی بەهێزی نەتەوەسازی تورکی بوە. دەبێ ئەوە بڵێین ئەم بەچکە کوردە پێش ئەوەی بچێتە نێو کۆمەڵەی (یەکیەتی و پێشکەوتن)، هەستێکی کوردپەروەرانەی هەبوە و کاری لەسەر زمانی کوردی کردوەو کتێبی بۆ ڕێزمانی کوردی داناوە و چەندین بابەتی لەبارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکردۆتەوە و (دیوانێکی دەسنوسی حاجی قادری کۆیی پێشکەش بە ڕوناکبیری کوردی ئەو سەردەمە (خەلیل خەیالی)کردوە، دواتر بوە سیاسەت داڕێژەری پان تورکیزم.)(مالمیسانژ 2007،50-52).

ئەم چیرۆکنوسە بە لێهاتویی ژانرە ئەدەبییەکانی ئاوێتە کردوە، لە نێوانی بیرەوەری و نۆستالژیای منداڵی و لە چیرۆکەکانیدا تەکنیکی سینەمایی و شانۆیی بەکارهێناوە، زۆربەی ڕەخنەگرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی (زۆرجار گێڕانەوە و ڕوداوەکانی ڕۆمان دەکرێن بە فیلم، بەڵام دواتر هەندێك لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنوسە بۆ فیلم سودیان لێوەرگیراوە.)(محمد السید،2021، 1173).

عومەر سەیفەدین بە هۆی کاریگەری بە بۆچونەکانی زیا گۆك ئەلپ لەو سەردەمەدا، کە پێیوابو زیندو کردنەوەی ئەفسانە لە دەقی باودا ڕۆڵێکی سەرەکی داهێنەرانە دەگێڕێت و کتێبێکی نوسیبو بە ناونیشانی (بنەماکانی ناسیۆنالیزمی تورکی- 1923)https://ar.wikipedia.org ).

یەکێکی دی لەکارەکانی یان هەوڵەکانی دەستبردن بوە بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی و چەندین بەرهەمی ئەدەبی بۆ زمانی تورکی وەرگێڕاوە.

(پیرەمێرد) ئاگای لە ناوەندی ڕۆشنبیری تورکی بو و سەرسامی ئەو ئاراستەیە بو، پیرەمێرد پێش ئەوەی ڕو لە ئەستەمبوڵ بکات لەناو ژینگەی دەوڵەمەندی هەورامان و فۆلکلۆر و داستان و هەقایەتی ناوچەکە و کلتوری پێکهاتەی

کۆمەڵایەتی و هۆبە و ڕەشــماڵی جافاندا بوە، بۆیە دوای گەڕانەوەشی بەشی زۆری بەرهەمە شــیعری و چیرۆك و شــانۆنامەکانی بۆ فۆلکلۆری کوردیی تەرخانکردوە، تەنانەت لە کاری ڕۆژنامەوانیشــدا ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی(ژیان) و (ژین)دا پەندی پێشــینانی کوردی بە شــیعر دەهۆنییەوە و بڵاویدەکردەوە. هەروەها مەتەڵ و ئەفســانەو شــیعری گاڵتەوگەپ لە بەرهەمەکانیدا جێگەی بایەخ بوە، دواتر سەرجەم پەندەکان بە سێ بەرگ بڵاوکرایەوە، کە زیاتر لە 900 پەندی کوردین بە هۆنراوە نوسراون.(هوشیار،1995).

پیرەمێرد وەکو کەســێکی شــارەزا لە بیری ناســیونالیســتی ئەوەی زانیوە، کە ئەم دیدە بۆ دیاریکردنی ناســنامەی نەتەوەکان لە ڕەوتی سیاسی بۆ گەیشتن بە قەوارەی نەتەوەیی کاریگەرییەکی کارای هەیە.

(شانۆیی(مەم و زین) و (شەریف پاشای هەمەوەند) و (مەحمود ئاغای شیوەکەڵ)ی بڵاوکردەوە)( هەورامی،2001، 299 ). لە شیعردا هەوڵیداوە هانی خەڵك بۆ ڕۆژانی هۆبە و ڕەشمال و ژیانی پڕ لە خۆشەویستی و برایەتی و سروشتی کوردستان بدات، بۆنمونە دەڵێت:

ئای بۆ (پەری خان) نازداری جافان

ئاهوی زەرپاهوی عەنبەر کڵافان

ماڵە بگزادە و سیرەی سەماوەر

ڕوی ئەو ڕوبارەی وا ئەگرتەبەر

دەنگی نەکیسا و بەزمی خوسرەوی

لای مەحمود پاشا ئەکەوتە نەوی (هاوار،2007، 113-114)

ڕۆحی بەرەنگاری دوژمن و هەستی بەرزی نەتەوەیی پیرەمێرد لە شیعری (نەورۆز)ەکەیدا بەرجەستە دەبێت:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و هاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەستبو تاکو پار

هەرخوێنی لاوەکان بو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگەسورە بو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی بۆ گەلی دور و نزیك ئەبرد

نەورۆز بو، ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە

لاوان بە عەشق ئەچون، بە بەرەو پیری مەرگەوە (ئاشنا،152،2009)

پیرەمێرد پێشـەنگی بە کوردی نوسـین و گەڕانەوە بۆ زمانی سـادەی خەڵك و زیندوکردنەوەی دەیان وشـەی لەبیرچو و فەرهەنگێکی وشـەی هونەری و دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشـەو پەیڤی بێگانەوە و داتاشراو و دروسـتکراو بۆ داهێنانی دەقی زیندو، کە لەلای ئەو مەسەلەی زمان لە ناسنامەی نەتەوەیدا بایەخێکی زۆری هەیە:

سبەینێ بو، لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفر باریوە

سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە، تارای زیوی پۆشیوە

دەمێك بو چاوەڕێی بەفرێکی وابوم مژدەبێ باری

سەرم بەفرەو کەچی هێشتا شەرە تۆپەڵمە بۆ یاری (هاوار، 2007، 123)

وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی و دیوانی شـــیعریی پیرەمێرد پڕن لەوشـــیعرانەی بۆ نیشـــتمان و چاکســـازی کۆمەڵایەتی و ڕەوشـتبەرزی و هەقپەرسـت و ڕوبەروی گەندەڵی و دوڕویی و ڕێزگرتن لە زاناکان و دورکەوتنەوە لەو چیرۆکانەی پیرەمێرد زۆریـان ڕوداوی مێژوین یـان لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەریگرتون، لـەبـەرئـەوە ئەو کارانەی پیرەمێرد کارتێکەری ئەدەبی تورکییە، کە ئەو سـەردەمە لە ئەسـتەمبول بوە ئەو تەرزە چیرۆکە فۆلکلۆرییانە و دارشـتنەوەیان بە شـێوەیەکی هونەریی بەرز باو بوە، ئەمە هاندەرێك بو سـەرباری ئەوەی هەر لەو سـەردەمەشـدا وەکو ڕۆژنامەوانێك ویستویەتی بەشـداری لە بەرەو پێشـــەوەبردنی هونەری چیرۆکنوســـیندا بکات، کە تا ئەو کاتە لەناو ئەدەبی کوردیدا یەکجار دەگمەن بو، لە پاڵ ئەوەشـدا هەر لەو سـاڵانەدا لەسـەرەتای سـییەکانی ئەم سـەدەیەدا "قوتابخانەی دیمەشـقی" ئەدەبی کوردیدا لە ڕێگەی بڵاوکرنەوەی گۆڤاری "هـاوار" لەلایەن بنەماڵەی بەدرخـانییەکانەوە بەپەرۆشـــەوە گرنگییان بە بڵاوکردنەوە و بەرەو پێشـــەوەبردنی چیرۆکی کوردی دەدا و پاشـــان "ئەم چیرۆکە بڵاوکراوانەی گۆڤاری هاوار لە قۆناغی یەکەمیدا "1932-1935" کاریگەرییەکی بەزەبریان هەبوە بەسەر نوسەرە کوردە گەنجەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق، لە چیرۆکە دیارەکانی پیرەمێرد چیرۆکی (دوانزە ســـوارەی مەریوان)ە، کە پیرەمێرد بە شـــێوەیەکی ورد و زمانێکی پاراو دایڕشـــتۆتەوە ناوەرۆکی چیرۆکەکە بریتییە لە بەرەنگاری دوانزە سـواری کورد بەرامبەر لەشـکرێکی گەورەی عەجەم کەبەنیازی ئەوەبون بەسەرمیرنیشینی باباندا بدەن و لەناوی ببەن، کە لەو سەردەمەدا (ئەحمەد پاشا) حوکمڕانی کردوە.

کوێخـای بەکراوا و خورمـاڵ بۆ بڕیاردەدەن بچن بۆ ڕاوە بەراز. دەچنە ڕاوە بەرازو هـاوکاری خەڵکی ناوچەکە دەکەن. سـەرەتا ئەحمەد پاشا دو دڵ دەبێ لە بەرەنگاربونەوە، بەڵام دوایی بەپێی داب ونەریتی کوردەواری ومیللی ئەمە بەخەوش دەزانێ و دەنێرێ بەدوای سـوارچاکی ئازاو دلێردا و ئاکامەکەیشی. بەسـەرکەوتنی دوانزە سـوارەکە لە مەریواندا کۆتایی دێ و داستانێکی پڕ لە سەروەری بۆ نەتەوەکەیان تۆمار دەکەن.

ئەمە برگەیەکە لە زمان و شێوازی چیرۆکەکە: (بەیانی پێش بانگ، ئەکرەم کە لە دیوەخانی سەلیم بەگدا نوستبو، ئەو شەوە لە خۆشی ئەوەی کە لەتەک سەلیم بەگدا دەچن بۆ ڕاوەبەراز خەوی لێ نەکەوتبو.

دێنە دەرێ بۆ ئەوەی بزانێ شەو چ وەختە، ئەبینێ واکۆ و تەرازو لەسەر گردی دارگۆیژەکەوە گوێیان کێشاوە و مەلایش خۆی لێ ئامادە کردوە سەڵا بکا.

ئەکرەم دێ دەرگا بکاتەوە کە بچێ بۆ مزگەوت، سەلیم بەگ خەبەری ئەبێتەوە: ئەپرسێ ئەوە کێ بو دەرگای کردەوە؟ ئەڵێ: میوانەکە بو. ئیتر سەلیم بەگ نانوێتەوە و دێتە دەرێ بانگی مەیتەر ئەکا. ئەڵێ: ئەسپەکەی خۆمم بۆ زین بکەن و

ڕێشانیش كە زۆر هێمنە بۆ ئەكرەمی ئامادە بكەن نەوەكو زۆر سواریی نەكردبێ با سواری ڕێشان بێ. وە وتی: ئەو پیاوە پیرەش هەتا من دێمەوە خزمەت و چاودێرییەكی باشی بكەن)(پیرەمێرد، 1983، چ3، ل 12).

لە (مەحمود ئاغای شیوەكەل)یشدا، كە خۆی لە بنچینەدا پیرەمێرد ناوی ناوە(پیەسی تەمسیلێكی ڕاستی تەئریخی لە وڵاتی خۆماندا ڕویداوە). لەو تەمســـیلەدا پیرەمێرد باس لە ڕوداوێكی مێژویی دەكات بە دەقێكی ئەدەبی و لە میانەیدا بیرو هەڵوێســتی ســیاســیی خۆی دەربڕیوە و لەســەرزاری هەندێ لە پاڵەوانەكانیدا، ئازادی و دەركەوتنی بیری ئازادی خێزانی شـەریف پاشـا و دەردی خۆخۆری كورد و ناهۆشـیاری هەندێ ئاغای كورد لە پێناو بەرژەوەندی تەسـكی تایبەتیی خۆیان لەسەر حیسابی گشتی و خۆبەڕێوەبردنی كورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا(مەلا كەریم،2009، 15-17).

ئەم جۆرە چیرۆكانە وەكو ئاماژەمان پێدا لە ئەدەبیاتی توركیدا بە تایبەتی چیرۆكە مێژویی و خەیاڵییەكانی ئەحمەد مەدحەت ئەفەنـدیAhmed Midhat (1844-1913ز) و ئەكرەم ڕەجـایی زادەRecâyi- zâde Akrem (1847-1914ز) و....هتد باوبون.(Akyuz,1979,25)، بەڵگەمان بۆ پێوەندی ڕۆشـــنبیریی پیرەمێرد لەگەڵ ڕەجایی زادە ئەوەیە، كە پیرەمێرد ئاماژە بەوە دەكات بە بۆنەی لەدایكبونی نەژادی كوڕی ئەمین زەكی بەگ قەسـیدەیەكی بۆ نوسـیوە(خالید ضیا و ئەكرەم بەگی ڕەجائی زادە زۆریان پەسـەند كرد)(ئاشـنا،20،2009). یان دەڵێت:( لە ئوطە دراوسـێی ڕەجائی زادە ئەكروم بەگ و عوششاقی زادەو حسین ڕەحمی بوم، ڕەزا تۆفیقیشیان پێ ناسیم)(ئاشنا،2009، 20) .

لە كورتەچیرۆكەكاندا ناونیشـانەكان، كە بە شـێكی گرنگی جەســتەی دەقن دەربڕی ناوەرۆكانن بە زمانێكی ســادەن، وەكو: (ئەنجامی پیاوێكی بەنگ كێش){گەلاوێژ،1941}و{ زۆرەملێ مل شـــكانی لەدواوەیە){گەلاوێژ،1942}و(خانزادەی قەرالیچەی سۆران){گەلاوێژ،1942} (خەزنەدار،2005 ، 117).

هەروەكو چیرۆكنوسی تورك (عومەر ســەیفەدین) سروشــتێكی تەنزئامێز و فانتازییان هەیە، پیرەمێرد لە چیرۆكی كوردیدا پێشەنگی چیرۆكی فەنتازییە و لە ساڵی 1933 بە ناونیشـــــانی(ئاواتی دڵ- گەشتێ بەسەر باڵی پەڕەندەی خەیاڵەوە)ی نوســیوە. لەبارەی ئەم چیرۆكەی پیرەمێرد حســین عارف دەڵێت: (نوســینەكە بریتییە لە گەشـــتێكی نوســەرەكەی (پیرەمێرد)بە ســواری پەڕەندەی خەیاڵ بۆ ئاســمان بۆ بارەگای پەروەردگار. لەوێ دەبینێ كارگەرانی بارەگا(فریشـــتەكان) ســەریان هێجگار قاڵە...وەك كورەی هەنگ بە یەكا دێن فرك و هوڕیانە لە فڕیندا بۆ ســەرئەرز و گەڕانەوەیان بۆ بەر بارەگا. هەر یەكەیان بەپێی ئەو ئەركەی پێیان سپێردراوە، دەدا لە شەقەی باڵ و دەفڕێ بۆ سەر ئەرز، ڕاپۆرتی خۆی دێنێ و پێشـكەشی پەروەرگاری دەكا. ئەم كە لەوێیە و لە نزیكەوە ئاگای لێیە فریشـتەكان لە ڕاپۆرتەكانیاندا چی بە پەروەردگار ڕادەگەیەنن، بە وردی سەراپای كارەساتی هەژاری و برسیەتی زۆر و جەورو پیاوخراپی دەرد و ئەندێشەی ئادەمیزادی سەرزەمین كە هەر یەكەیان لە نێوانی بەسەرهاتێكەوە بە چەن دێڕێك دەنوێنێ و ئەمیش لەلای خۆیەوە دڵی پێیان دەگوشرێ و خەمیان بۆ دەخوا...... بەدوری نازانم لە سەرەتادا كە دەستی داوەتە نوسینی، بە پەرۆشـەوە بۆ ئەوە چو بێ شتێك لە بابەتی( كۆمیدیای خواوەندی) دانتی لە ئەدەبی كوردیدا بهێنێتە بەرهەم، بەڵام بەشێك و دوان و سیانی لێ نوسیوە و ئیتر لەوێدا وەك وتم لەبەر هەر هۆیەك بوبێ وازی لێهێناوە....) (عارف، 2011،34)، لەگەڵ ئەم بۆچونەی (حسین عارف)دا نیم، چونكە تا ئەو دەمە كۆمیدیاكەی دانتی بۆ سەر زمانی توركی وەرنەگێڕدراوە و بەرهەمەكەی پیرەمێرد لە ڕوانگەی چیرۆكە پروپوچەكانی كوردەواری و ڕۆژهەڵاتییەوە نزیكەوە و بێ بونی خواوەند.

### 2-3 ڕەوتی نوێخوازی و مۆدێرنێتە

نوێخوازی پرۆسەیەکی بەردەوام و نەبڕاوەیە، سالانی کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی جۆرێك لە نارەزایی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا، بۆیە پێویستی بە گۆڕانکاری بو، ئەدەبیاتیش وەکو بابەتێك لەو پرۆسەیە بێبەش نییە، نەبونی ئازادی و ڕا دەربڕین وایکرد لە ساڵی 1905 بە دواوە حکومەت بە ناچارییەوە سانسۆر نەهێڵێت، لەو کاتەدا بە (پیاوە نەخۆشەکە) ناودەبرا و دەسەڵاتی لاوازببو، کاریگەری ئەدەب و ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە زۆرتر بو، چەندین نوسەر و ڕوناکبیر لە تورکیای عوسمانلی بۆ نوێبونەوەی ئەدەبیات و ئاشنابون بە ئەدەبی ئەوروپی دەستیان دایە وەرگێڕان بە شێوەیەکی فراوان، یەکێ لەو کەسانەی پیرەمێرد بە ڕێزەوە ناوی دەهێنێ و سەرسامە بە تواناکانی(د.عەبدوڵلا جەودەت Abdullah Cevdet (1869-1932ز)ە و لە یادداشتەکانیدا ئاماژە بە دیوەخانەکەی و ڕوناکبیریی و زمانزان و بیری مۆدێرنی ئەو دەکات، (سەرەتا لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (یەکیێتی و پێشکەوتن) بوە و لە دژی دەسەڵاتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید بوە و دواتر لە 1908 دا بەهۆی سۆسیالیستییەوە لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی عوسمانی دەستی بەکارکردوە، واتا وەکو (تۆفیق فیکرەت) ئەویش بەهۆی نارەزایی لە کارەکانی ئەو کۆمەڵەیە کێشاوەتەوەو دابڕاوە)(تاقانە،2001 ، 12 ). دواتر بەشداری لە چالاکییەکانی تورکە گەنجەکان لە (جنێڤ) دا کردوە، ڕۆژنامەی عوسمانلی لەگەڵ ئیسحاق سوکوتی(İshak Sükût (1868-1902ز) بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٠٣ چوەتە جنێڤ و لەوێ گۆڤاری ئیجتیهادی لە ١٩٠٨چاپکردوە. دوای ئەوەی لە سویسرا گەڕایەوە، ویستی لە قاهیرە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەی بەردەوام بێت. نەیتوانی بەم ئاواتە بگات و لە ساڵی ١٩١١ دا گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ. بەرهەمی تاریخی ئیسلامیەت (مێژوی ئیسلام)ی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی تورکی. ئەو پێشەکییەی لەم کتێبەدا نوسیویەتی کاردانەوەی نەرێنی بەدوای خۆیدا هێنا وکتێبەکە قەدەغەکراوە، چونکە بەمەبەستی دژایەتی و ڕەخنە لە ئیسلام نوسراوە. گۆڤاری (ئیجتیهاد) زۆرجار دادەخرا، بەڵام بڵاوکردنەوەی بەناوی جیاوازەوە بەردەوام دەبو، عەبدولا جەودەت شیعری نوسی، بەڵام بە نوسین و وەرگێڕانەکانی ناوبانگی دەرکرد. بە وەرگێڕانەکانی لە گۆستاڤ لۆبۆن ناسیۆنالیستی ناودارەوە ڕۆڵێکی کاریگەری لە گەشەسەندنی ناسیۆنالیزم لە تورکیەدا بینیوە. چەندین بەرهەمی ئەدەبی و فەلسەفی لە ئینگلیزی و فارسییەوە بۆ تورکی وەرگێڕاوە، لەوانە بەرهەمەکانی شکسپیر و خەیام و مەولانا. ئەو پێیوابو سەردەمی ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری و توندوتیژی بەسەرچوە وکورد لەوەدا بە درێژایی مێژو سەرکەوتو نەبوە و بۆ ئایندە خەباتی مەدەنی لە ڕێگەی بوژانەوەی کلتور و زمان و ڕۆژنامەوانی دەتوانێ خەباتی خۆی درێژە پێبدات. زۆربەی پێشەنگەکانی ڕوناکبیریی سەرەتای سەدەی بیستەم لە تورکیا بە ڕەچەڵەك کوردن. چەندین کەسایەتی وەکو:زیا گوکئالب و خەلیل خەیالی و هەمزە موکسی۔ و عەبدوللا جەودەت و لوتفی فیکری دیاربەکری و چەندانی دی هەمویان لەو ڕێنیسانسە کلتورییەدا ڕۆلیان بینیوە.

پیرەمێرد لەگەڵ عەبدوڵلا جەودەت لە گۆڤاری (ئیجتیهاد)دا کاری کردوە و بەشداری لە نوسینی گۆڤارەکەدا کردوە. پیرەمێرد جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت: (عەبدوڵلا جەودەت، کە لە پاش مەشروتیەت لە ئەوروپاوە هاتەوە لە ئەستەمبۆڵ بو، زۆرتر لە هەمو کەس من لە خزمەتیا بوم، خۆم و نەژادی کوڕم بە (نظم) و(نثر) لە مجەلەکەیدا خزمەتمان هەیە)(ئاشنا، چ2 ،2009، 20).

یەکێ لەو بابەتانەی وەکو ڕویەکی مەدەنیەت و بە کاریگەریی شۆڕشی نوێی فەرەنسا وکلتوری ڕۆژئاوا کۆمەڵگەی تورکییش گرنگی پێدەدا، ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کایەکانی کۆمەڵدا بو، ژنە کوردە ڕوناکبیرەکانیش (لە مانگی گوڵانی 1919،لە ئەستەمبوڵ بۆ یەکەمجار کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد/کورد قادینلار تعالی جمعیەتی دادەمەزرێنن)(پیرباڵ،2007،

51).ئەم هەنگاوە و بۆ ژیانی ڕۆژانەی ئەو کاتە بێگومان، کاریگەریی بەسەر (پیرەمێرد)یشدا بووە و یەکێك لەو کەسانەی بۆ خوێندەواری و خەباتی ژنان هەوڵیداوە ڕووبەڕووی نەخوێندەواری و بیرو باوەڕی دواکەوتوی هەندێ لە شێخ و کۆلکە مەلاکانی ئەوێ ڕۆژی ببێتەوە و جوانترین وێنەی ئەو کچانەی، کە سنگی خۆیان دایە بەر فیشەك بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە شیعری نەورۆزەکەیدا خستویەتیەڕو:

تا ئیستا ڕوی نەداوە لە تاریخی میللەتا

قەلغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین

نامـرن ئەوانە وا دڵی میللـەتا ئەژین

محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەڵێت: (لە ساڵی 1908 دا، کە تاقمی (ئیتیحاد و تەرەقی) مەجلسی مەبعوسان هەڵدەوەشێننەوە لە پاش ئیعلانی مەشروتیەت (گۆڕین و چاککردنی یاسا)، دوای ئەوە پیرەمێرد دەست دەکات بە موحامات و نوسین لە ڕۆژنامەوگۆڤارەکانا و (عبداللە جەودەت) کە کاتبێکی کوردی ناسراو بوە کە لە دوای مەشروتیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمیۆڵ و گۆڤاری ئیجتیهاد دەردەکات، پیرەمێرد یەکێك بوە لە هاوکارەکانی لە نوسیندا)(هاوار،2008، 212).

ئەم نوسەرو کەسایەتیە کوردە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی(یەکێتیی و پێشکەوتن)دا بە هۆی مەیلی کوردایەتییەوە بەر توانج و پلاری نوسەرە تورکەکان کەوتوە. لە یەکێ لە وتارەکانی بەناونیشانی (ڕێگەی یەکگرتن) لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)دا ئاماژە بەوە دەکات، دۆستێکی خۆی کە گۆڤارەکە لەسەر مێزی ئۆفیسەکەی دەبینێت و سەیر دەکات بە کوردی نوسراوە دەڵێت: (کە بە تورکی نەبێ، بە کوردی بێ، واتا کۆوارێکی نێوان تێکدەرە)(تاقانە،2012، 141).

عەبدوڵلا جەودەت وەکو کەسێکی خەمخۆری ئایندەی میللەتەکەی دەڵێت ناکرێ ئێمە هەر بە تەنیا ڕومان لە کتێبی شەرەفنامە و ڕابردو بێت، بۆ داهاتو بیر بکەینەوە. لە وتارێکدا بەناونیشانی (پەیامێك)دا دەڵێت: (کورد مێژوییان هەیە؟ بە یەك(شەرەفنامە)وە ئابڕو و سەربەرزیی بەکار نابات و ناپارێزێ. ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین، گاڵتە نییە، سەدەی بیستەمە، ئەو میللەتەی خاوەنی مێژوی ڕابردو و مێژوی داهاتو و دوارۆژی خۆی نەبێ خاوەنی خۆی نییە. ئەو میللەت و ئەو کەسانەی خۆیان خاوەنی خۆیان نەبن دیل دەبن و دەبنە هی خەڵکی تر.

گوتم دوارۆژی خۆی،ئەم جۆرە دەربرینە نامۆیە، لەوانەیە زۆربەی خوێندەواران سەرسام بکا. بەڵێ میللەتان پتر لە مێژوی ڕابردویان دەبێ، گەلێ پتر خاوەنی مێژوی دوارۆژی خۆیان بن. ڕاستر میللەتان دەبێ خاوەنی مێژوی ڕابردویان بن و موڵکی داهاتو و دوارۆژ بن. مێژوی دوارۆژی میللەتێك. ئامانج و ئاواتی ئەو میللەتەیە)(تاقانە،2012، ل 139).

پیرەمێرد، بە هەمان شێوازی بیرکردنەوە، خۆی بە خەمخۆری زمانی کوردی و بە بێ خاوەنی دەزانێت، یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوە و ناسنامەی میللەتەکەمان زمانەکەیەتی و ئەوانەی پێیانوایە زمانی کوردی بناوانەکەی لە زمانی فارسییەوە وەرگیراوە بە هەڵە دەزانێ. هەربۆیە هەر لە سەرەتای کاری ڕۆژنامەوانیی و ڕێکخراوەیی خۆی پێشنیازی ئەوەی بۆ جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد کردوە. لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان پرس و ڕا بە خەڵکی شارەزا بکرێت.

بە واتایەکی دی بناغەیەك بۆ زمانێکی یەکگرتو دابنرێ بۆ ئەوەی هەمو کوردان لە نوسـیندا بەکاریبێنن. بۆیە دەڵێت: (لە سـالی 1329 ی ڕۆمی 1913 ی میلادیدا غەزەتەی کوردی دەردەچو، من لە (چۆلەمێرگ)ەوە مەقالەیەکم بۆ ناردبون و تەکلیفم لە جەمعیەتی کورد کردبو، کە لە هەر دیارێکی کوردسـتانەوە زبانزانێك بانگ بکەنە پایتەخت و زبانێك بۆ عمومی کورد هەڵبژێرن و بیکەن بە فەرهەنگ و دەسـتور.)(ئاشـنا،2009، 19). لێرەوە هەسـت بە هزری قوڵ و ئایندەخوازی ئەو ڕوناکبیرە گەورەیە دەکرێت.

ئەنجـام

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانین لەم خاڵانەدا دیاریبکەین:

- بە وردی و بە بەرنامەیەکی قوڵ و قاڵبوەوەی ڕۆشـنبیریی تورکی عوسـمانلییەوە و بە دیدێکی کوردپەروەرانەی خاوەن ڕۆشـنبیرییەکی ئیسـلامی خزمەتی کردوە و بە تایبەتی ڕەوتی ئەدەبی نەتەوەیی- ئیسـلامی بە بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە دیارە و خۆیشی۔ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ڕۆشبیرە کوردەکانی ئەو سەردەمە لە ئەستەمبوڵ وەك ناوەندێکی ڕۆشبیریی ڕۆژهەڵات پێگەیشتون.
- زۆر خاڵی هاوبەش لە فۆرم و شـێوازی بەرهەمەکانی پیرەمێرد و نوسـەرە دیارەکانی تورکیی هاوسـەردەمی خۆیدا بەدی دەکرێت. کە ئەمەش دەوڵەمەندی بەرهەمەکانی ئەو دەنوێنی وەکو کەسـێکی فرەبەرهەم دەربکەوێت. پیرەمێرد لە ژانری جیاواز و فۆرمی ئەدەبیی جودا قەڵەمی خۆی تـاقیکردۆتەوە هەروەکو ئەدیبە تورکەکان بە کاریگەری ئەدەبیاتی فرەنسی و ئینگلیزی بە دوای نوێگەریدا دەگەڕان.
- پیرەمێرد بە کاریگەریی ڕەوتە نوێیەکانی ئەدەبیاتی تورکی لە زمان و کێش و وێنەی شـیعریدا نوێخوازی کردوە و پیشەنگی تازەبونەوەی شیعری کوردییە لە سەرەتای پرۆسەی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا.

## سەرچاوەکان:


- ئاشنا، ئومێد(٢٠٠٢)، نوسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران ، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئاشنا، ئومێد(٢٠٠٩)، پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ب١، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- باڵەکی، یادگار ڕەسول حەمەدەمین(٢٠٠٥)، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٣٢، دەزگای سپیرێز، دهۆك.
- پیرەمێرد ( 1983)، دوانزە سوارەی مەریوان داستانێکی مێژویی کوردە، چ3، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.
- پیرباڵ، فەرهاد(٢٠٠٧)، گەنجە کوردەکان یەکەمین پرۆژەی مەعریفیی کورد لە مێژودا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری، سلێمانی.

- تەنیا، حەسەن(١٩٨٥)، شانۆ و شانۆی کوردەواری، بەغدا.

-تاقانە، ئەحمەد(٢٠٠١)، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر.

-تاقانە، ئەحمەد(٢٠١١)، عومەر سەیفەدین پێشەنگ و دامەزرێنەری کورتەچیرۆکی تورکی، ژیان و بەرهەمی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کورد، کەرکوک.

- تاقانە، ئەحمەد(٢٠١٢) ڕۆچون بە ناخی هەڵبەستدا، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر(٢٠٠٧). چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەونوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە (ژیان) و (ژین)دا١٩٣٢-١٩٥٠.

- حوسێن، هیمداد(٢٠١٠)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٢، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- حیلمی، ڕەفیق(٢٠١٠)، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- خەزنەدار، د. مارف(٢٠٠٥)، مێژوی ئەدەبی کوردی، ب5، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- ساڵح، سدیق(٢٠١٣)، پیرەمێرد چیی لە بارەی نەورۆزەوە نوسیوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- عارف،حسین(٢٠١١)، چیرۆکی هونەری کوردی(١٩٢٥-١٩٦٠)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- مەلاکەریم، محەمەد(٢٠٠٩)، بیری گۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- مالمیسانژ(٢٠٠٧)، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد و ڕۆژنامەکەی، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی.

- هەورامی،حەمەکەریم(٢٠٠١)، درامای کوردی لە ناو درامای جیهانیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- هاوار، محەمەد ڕەسول(٢٠٠٧)، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- هاوار، محەمەد ڕەسول(٢٠٠٨)، سەرجەمی بەرهەم، بەرگی چوارەم، وتارە کوردییەکان ئامادەکرنی ڕەفیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- هوشیار، فایەق و ئەوانی تر(١٩٩٥)، ب١-٣، چاپخانەی الزمان، بەغدا.

- بن یعقوبی، عدلی و کانجی، رمیساء بوزبك(٢٠٢١)، شاعر الأمة" محمد عاكف أَرْصُويْ "ومفهوم الأدب الإسلامي، مجلة الدراسات اللغوية والأدبية، كلية معارف الوحي والعلوم الإنسانية، الجامعة الإسلامية العالمية، ماليزيا.

Alangu, Tahir (1968). Ömer Seyfettin. Ülkücü Bir Yazarın Romanı, May Yay., İstanbul.-

- Kenan akyüz(1979).Modern Turk Edebiyatinin Ana Cizgileri(1860-1923.Ancara.